خەبات
XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ژمارە (3668)
هەینی 7 ی کانونی دووەمی 2010
(17)ای بەفرانبار 2710ی کوردی
(2)ی صفر 1432ك
(16) لاپەڕە
(500) دینار

سەرۆک بارزانی بڕیاری دا سکاڵای تۆمارکراو دژبە هەردوو رۆژنامەنووس(ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانع) بکێشرێتەوە

لە لێدوانێکدا سکرتێری رۆژنامەنووسی سەرۆک بارزانی بە رۆژنامەی خەباتی راگەیاند، کە پاش ئاگادارکردنی سەرۆک بارزانی لە هۆکاری تۆمارکردنی سکالا دژ بە هەردوو رۆژنامەنووس(ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانع)، بەڕێزیان بڕیاری دا سکالای تۆمارکراو دژ بە هەردووکیان بکێشرێتەوە.

سەبارەت بە هۆکاری کشاندنەوەی سکالاکەش سکرتێری رۆژنامەنووسی سەرۆک بارزانی رایگەیاند، کە لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەی لەسەر شانە و لەوە زۆر گەورەترە خۆی خەریکی موهاتەراتی لابەلای ئەوها بکات.

2 باشووریيەکانی سوودان ئامادەن بڵێن: بەڵێ بۆ جیابوونەوە

8 کێتی بە ئارەزووی خۆی جل دەپۆشێ

10 لە هەولێر نرخی زەوی لە نزمبوونەوەدایە

15 ئەمڕۆ و سبەی یاریيەکانی گەڕی حەوتەمی خولی بژاردەی ئێراق بەڕێوەدەچێت







سەرۆکی کوردستان پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی باڵای یەکێتی دادوەرانی کوردستان دەکات

پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە ڕۆڵی سەربەخۆی دادگاو بڕیارەکانی بکات

دوێنێ پێنج شەممە 1/6/ 2011 بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە سەلاحەدین پێشوازیکرد لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی باڵای یەکێتی دادوەرانی کوردستان.

لە دانیشتنێکدا، سەرۆک و ئەندامانی دەستەی باڵای یەکێتی دادوەرانی کوردستان، وێڕای بەرزنرخاندنی هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بەرامبەر دەسەلاتی دادوەری و پشتیوانیکردنی سەربەخۆیی دادگاو بێلایەنی، کۆمەڵێ گیروگرفتی دادوەرانی کوردستانیان خستەڕوو کە جێی بایەخی سەرۆک بارزانی بوون و دواتریش باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە و هاوئاهەنگی دامودەزگاکانی پەیوەندار لەگەڵ دادگاو دادوەراندا کرا.

سەرۆک بارزانی تەکیدی لەوەکردەوە کە حکوومەتی هەرێم دەبێ بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە ڕۆڵی سەربەخۆی دادگاو بڕیارەکانی بکات و هەموو لایەکیش بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاو لەو بوارەدا حکوومەت هەنگاوی گرنگی بڕیووە، بەڵام پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە.

هەروەها سەرۆک بارزانی باسی لە ڕۆڵی دادوەران کرد وەکو توێژێکی کاریگەر لە جێبەجێکردنی یاسا و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و چەسپاندنی گیانی یاساپارێزی لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن لە دابو نەریت و ئازادی و سەروەری یاسا.

بەڕێز ئازاد عیزەدین مەلا ئەفەندی ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکی کوردستان ئامادەی دانیشتنەکەبوو.

ئێراقییە و هاوپەیمانی نیشتیمانی لە سەر 3 خاڵی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان ناکۆکن

ئاژانسەکان: ئیئتیلافی ئەلئێراقییەو هاوپەیمانی نیشیمانی، لەسەر سێ خاڵ لە بارەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاستە ستراتیژییەکان ناکۆکن. کازم ئەلشمەری ئەندامی ئیئتیلافی ئەلئێراقییە رایگەیاند؛ ئەلئێراقییەو هاوپەیمانی نیشیمانی، لەسەر 3 خاڵ لە بارەی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ سیاستە ستراتیژییەکان ناکۆکن و نەگەیشتونەتە ڕێککەوتن.

لە بارەی خاڵەکان ناوبراو گوتی: یەکەم پەیوەستە بە میکانزمی دەنگدان لەسەر بڕیارەکان، دووەم: هاوپەیمانی نیشتمانی دەیەوێت ئەنجوومەنی باڵای دادوەری مافی دەنگدانی لەو ئەنجوومەنە هەبێت، بەڵام ئەلئێراقییە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە ئەنجوومەنی باڵای دادوەری مافی هەیە بەشداری کۆبوونەوەکان بکات، بەڵام مافی دەنگدانی نابێت. بڕوانە لاپەڕە 14

خانەقین پێشوازی لەکردنەوەی نووسینگەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق دەکات

بڕیارمحەمەد-خەبات: هاوواڵاتیانی شارۆچکەی خانەقینی لکێنراو بە پارێزگای دیالە خۆشحاڵن بە کردنەوەی نووسینگەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق لەشارۆچکەکەیان و پەرلەمانتارێکیش بەڵێن دەدات کردنەوەی ئەو نووسینگەیەکە بکاتە مینبەرێک بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی شارۆچکەکە، لای خۆشیەوە حەسەن جیهاد ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق لەبارەی ئامانجی کردنەوەی نووسینگەکەوە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند ئێمە بۆ زیاتر نزیک بوونەوە لەکێشەکانی خەڵک و بۆ ئەوەی بەئاگابوون لەگرفتەکانی خەڵک بڕوانە لاپەڕە 14

کەرکووک .. خەنجەرێکی هۆلاکۆی سەرکردەی مەغۆلەکان لەباندێکی دزینی شوێنەوار دەستگیرکرا

اصوات العراق: بەڕێوەبەری ئاسایشی نیشتیمانی لە پارێزگای کەرکووک رایگەیاند هێزە ئەمنییەکان، دەستیان بەسەر خەنجەرێکدا گرت کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆلاکۆی سەرکردەی مەغۆلەکان، ئاماژەی بەوەشدا کە باندێکی دزینی شوێنەوار هەوڵی داوە ئەو خەنجەرە بەرێتە دەرەوەی ئێراق. عەمید نەوزاد ئەسعەد بەرزنجی بە ئاژانسی (ئەسوات ئەلعیراق)ی ڕاگەیاند هێزەکانی ئاسایشی نیشتیمانی بەهەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی لێکۆڵینەوە نیشتیمانییەکان لە هەڵمەتێکدا لە ناوەڕاستی کەرکووک سێ ئەندامی باندێکیان دەستگیرکرد کە تایبەتە بە دزینی شوێنەوار بڕوانە لاپەڕە 14

واشنتۆن پشتگیری خۆی بۆ سەربەخۆیی باشووری سوودان دووپات دەکاتەوە

ئاژانسەکان: جۆنی کارسۆن یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئەفریکا لە لێدوانێکدا، ئامادەیی تەواوی واشنتۆنی بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی یەکجاری باشووری سوودان نیشان دا و ڕایگەیاند: پتەوکردنی پەیوەندی نێوان باکوور و باشووری سوودان لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕیفراندۆمی چارەنووسی باشووری سوودان بە بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک لە وادەی خۆیدا بەڕێوەدەچێت، کەوا بڕیارە لە نۆی کانوونی دووەم ئەنجام بدرێت و ئاماژەی بەوەشدا، واشنتۆن ئامادەییە هاوکاری و یارمەتی باشووری سوودان بکات بۆ ئەوەی تەواو سەربەخۆی خۆی دەستبەر بکات.

هەروەها ناوبراو ڕوونیشی کردەوە، دوا بە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕیفراندۆمەکەش، باشووری سوودان دەتوانێت نوێنەری دیپلۆماتی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستنیشان بکات.

ئەنجوومەنی سیاسەتەکان تەنفیزی دەبێتو لەچەند ڕۆژی داهاتوودا دەدرێتە ئەنجوومەنی نوێنەران

ئەسواتی ئێراق: ئەندامێکی پەرلەمانی ئێراق لە ئیئتیلافی ئێراقییە، دوێنێ پێنجشەممە، ڕایگەیاند ئەنجوومەنی نیشتیمانیی سیاسەتە ستراتیژییەکان دەزگایەکی تەنفیزی دەبێت، ئاماژەی بەوەشدا کە ڕەشنووسی یاسای ئەنجوومەنەکە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا دەدرێتە پەرلەمان. ئەسکەندەر وتوت بە ئاژانسی (ئەسوات ئەلعێراق)ی ڕاگەیاند ”ڕەشنووسی کۆتایی یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانیی سیاسەتە ستراتیژییەکان لەنێوان هەردوو ئیئتیلافی هاوپەیمانیی نیشتیمانیو ئێراقییەدا ڕێکەوتنی لەسەرکراوەو لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا دەدرێتە پەرلەمان“.ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو کە ئەنجوومەنەکە ”بە ڕەزامەندیی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان، ئەنجوومەنێکی تەنفیزی دەبێتو یەکێک دەبێت بڕوانە لاپەڕە 14

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازی لە شاندی پەرلەمانی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان دەکات

دوێنێ پێنج شەممە 2011/1/6 دکتۆر کەمال کەرکووکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان، پێشوازی لە شاندی ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا کرد، کە لەبەڕێزان هالفۆن ئەندامانی ڕۆبیرت و لۆرد کلیمنت جۆنز ئەندامی ئەنجوومەنی لۆردەکان و ژمارەیەک ڕاوێژکاری پەرلەمانی بەریتانیا پێکهاتبوون،

لەدیدارێکدا کە خاتوو بەیان سامی عبدالرحمن نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا ئامادەیبوو،

شاندەکە خۆشحاڵی خۆیان بە پێشکەوتنی پڕۆسەی دیموکراسی و ڕەوتی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە نیشان دا و خۆشحاڵی خۆیان بەسەردانی پەرلەمانی کوردستان دەربڕی، پاشان لە چەند تەوەرێکدا لەبارەی کێشەی کەرکووک و ئاستەنگەکانی پێش ماددەی 140 و هەڵوێستی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی هەرێمی کوردستان بڕوانە لاپەڕە 14

زیاتر لە 5 ساڵە ئێراق بە دوای 9 ملیار دۆلاری خۆی لەلای ئەمەریکا دەگەڕێت

ئاژانسەکان: زیاتر لە 9 ملیار دۆلاری ئەمەریکی لە داهاتی ئێراق، لەلای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکییەو تائێستا ئامادەنین هیچ ڕوونیکردنەوەیەک لە بارەی دیار نەمانی ئەو بڕە پارەیە بدەن. دیوانی چاودێری دارایی ئێراقی ڕایگەیاند؛ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکی (پنتاگۆن)، هیچ ڕوونیکردنەوەیەکی نەداوە لە بارەی چۆنیەتی خەرجکردنی بڕوانە لاپەڕە 14

کەرکووک .. خەنجەرێکی هۆلاکۆی سەرکردەی مەغۆلەکان لەباندێکی دزینی شوێنەوار دەستگیرکرا

اصوات العراق: بەڕێوەبەری ئاسایشی نیشتیمانی لە پارێزگای کەرکووک رایگەیاند هێزە ئەمنییەکان، دەستیان بەسەر خەنجەرێکدا گرت کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆلاکۆی سەرکردەی مەغۆلەکان، ئاماژەی بەوەشدا کە باندێکی دزینی شوێنەوار هەوڵی داوە ئەو خەنجەرە بەرێتە دەرەوەی ئێراق. عەمید نەوزاد ئەسعەد بەرزنجی بە ئاژانسی (ئەسوات ئەلعیراق)ی ڕاگەیاند هێزەکانی ئاسایشی نیشتیمانی بەهەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی لێکۆڵینەوە نیشتیمانییەکان لە هەڵمەتێکدا لە ناوەڕاستی کەرکووک سێ ئەندامی باندێکیان دەستگیرکرد کە تایبەتە بە دزینی شوێنەوار بڕوانە لاپەڕە 14

بومەلەرزەکەی ئێران 11گوندی بەتەواوەتی خاپوورکرد و زیانی بە29گوندی دیکەش گەیاندوە.

ئاژانسەکان: بەهۆی ڕووداوێکی بوومەلەرزەوە کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو باشووری خۆرئاوای ئێرانی گرتەوە، زیاتر لە 40 گوند زیانیان بەرکەوت.

بومەلەرزەیەکە بەگوڕی 5.3 پلە بەپێوەری ڕیختەر دەوروبەری شاری ئەردەکانی هەژاند و لە ناوچەی مەمەسەنی 40 گوندی تووشی زیان کرد، کە لەو 40 گوندە 11یان بە تەواوەتی وێران بوون و بڕوانە لاپەڕە 14

دەستگیرکردنی گرووپێکی چەکدار کە موشەکیان ئاراستەی فڕۆکەخانەی بەغدا کردووە

ئاژانسەکان: دەزگای نەهێشتنی تیرۆر، پێنجشەممە، گرووپێکی چەکداری دەستگیرکرد کە چەند موشەکێکیان ئاراستەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا کردووە.بەپێی هەواڵێکی کەناڵی ئێراقییەی نیمچەڕەسمی، دەزگای نەهێشتنی تیرۆر ”لە پڕۆسەیەکی ئینزال جەویدا توانیویەتی گرووپێکی چەکدار دەستگیربکات کە چەند موشەکێکیان

بڕوانە لاپەڕە 14

هەواڵی جاوەڕوانکراو

*بڕیارە بەم نزیکانە شاندێکی هەرێمی کوردستان بگاتە ئیتاڵیاو یاداشتێکی لێگگەیشتن لەگەڵ یەکێک لە هەرێمەکانی ئەو وڵاتە مۆربکات.

*شارەزایانی کشتوکاڵ پێشبینی دەکەن لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئێراق زۆربەی دارخورماکانی لەدەست بدات.

* چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ وەزارەتی بەرگری ئێراق 16 فڕۆکەی جەنگی و 140 تانک لە ئەمەریکا بکڕێت.